# ئایا دەرگای ئیجتهاد کردن داخراوە

[ کردي – کوردی – kurdish ]

صاڵح ئەلفۆزان

وەرگێڕانی:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی**:پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ هل أُغلق باب الاجتهاد؟ ﴾

« باللغة الكردية »

صالح الفوزان

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ئایا دەرگای ئیجتهاد کردن داخراوە

ئەم پرسـیارە ئاڕاسـتەی شێخ صالْح الفوزان کرا (خوا بیپارێزیت) ئەمەش دەقی پرسـیارەکەیە:

پرسـیار : ئایا ئەوەراسـتە کە دەڵێن کە دەرگای ( ئیجتهاد ) چەند سـەدەیەکە داخراوە وئێمە ئێسـتا لەسـەر ( ئیج‌تهادات ) ی سـەدەکانی ڕابردووی پێش خۆمان دەژین، ئەوەیش ئێمە ئەنجامی ئەدەین تەنها نووسـین وڕاڤەکردن و لێکدانەوە وپەراوێز دانانە لەسـەر ئەوانەی پێشـوو ؟

وەڵامی شـێخ صالح الفوزان (خوا بیپارێزیت) : بەڵێ گومانی تێدا نیە (الاجتهاد المطلق) ئیتجتهادی ڕەها ماوەیەکی دور ودرێژە وەسـتاوە و ئەویش بەهۆی نەبوونی کەسـانی شـیاو لەو بوارەدا،بەڵام دەرگای

ئیجتهاد دانەخراوە وکراوەیە، بەڵام ئایا ئەوانەی کە دەتوانن لێوەی بچنە ژوورەوە لەکوێن؟! بەتایبەتی ئیجتهاد کردن هەروا کارێکی ئاسان نیە، چونکە مەرج وتایبەتمەندی وهێزێ پاڵنەری خۆی هەیە، کە پێویستە ئەو مەرجانە لەکەسی تایبەتی خۆیدا هەبێت کە بتوانێت حوکمە شەرعیەکانی پێ هەڵێنجێت، جا ئەو کەسەیشی کە ئەو مەرجانەی تێدا نەبیت ئەوە دەبێت چاولێکەری ( تەقلید ) وپابەندی ئیمامە پێشوەکان بێت ( مەبەست پێی ئیمامی چوار مەزهەبەکەیە ) ئەویش بەوەی لەو مەسائیلانەی کە بەڵگەیان هەیە شوێنیان بکەوێت لەبەر ئەوەی خوای گەورە دەفەرموێت :{فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ }{النحل:43} واتە : دەی پرسیار بکەن لەزانایان ئەگەر ئێوە نازانن.

جا تەقلید و چاولێکەری ولاسایکردنەوەی زانایانی پێشوو هەندێك جار واجبە، ئەویش کاتێك کە کەسێك

تواناى ئیجتهادكردنى نەبێت، وشیاوى ئەوەش نەبێت، لەم كاتەدا لاسایى ئەو زانایە دەكاتەوە كە پڕوا ومتمانەى پێى هەیە، خواى گەورەش فەرموویەتى : {فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا } {التغابن:16} واتە : كەوا بوو لەخوا بترسن ئەوەندەى كە دەتوانن.

لەبەر ئەوە هەر كەسێك كە مەرجى ئیجتهاد كردنى تێدا نەبیت ولاسایى زانایایش نەكاتەوە و ووتەى ئەوان وەرنەگرێت، ئەمە هیچ نیە تەنها فەوزا وخۆ تێدا بردن نەبێت ..

خواى گەورەش زانا و شارەزا ترە

سەرچاوە : المنتقى من فتاوى فضیلة الشیخ صالح بن فوزان بن عبد الله الفوزان بەرگى دووەم/لاپەڕە 397 .